
# نابیناکان
## داوای خوێندنی باڵا دەکەن



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند ساڵی رابردوودا کاری زۆری بۆ خزمەتکردن بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەنجامداوە، وەك زیادکردنی مووچە و دامەزراندنیان و هاوکاریکردنی سەرجەم خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، بەڵام بایەخ نەدان بە سەنتەرەکانی پێگەیاندن بۆ نابیناکان، وایکردووە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو ئاواتەیان بەدی بێنن کە بتوانن ببنە خاوەن بڕوانامەی بەرز. گلەییشیان لەوە هەیە کە لە هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان تەنیا قۆناغی بنەڕەتی بۆ خوێندنی نابیناکان هەیەو دواتر دەبێت بۆ درێژەدان بە خوێندن تێکەڵ بە قوتابیانی ئاسایی ببن، کە ئەوەش ئاریشەی زۆریان بۆ دروست دەکات. لەم راپۆرتەی (گوڵان) دا کێشە و گرفت و داوکارییەکانی گەنجانی نابینا دەخەینەڕوو.**

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەك چینێکی گرنگی کۆمەڵگە دەیانەوێت جێدەستیان دیار بێت و تەنانەت ببنە بەشێك لە پێگەیاندنی جومگە سەرەکییەکانی ژیان، بۆ ئەوەش خوازیارن قۆناغەکانی خوێندن تا ئاستی خوێندنی باڵا تەواو بکەن، بەتایبەتی نابینایان لە ئێستادا داواکارن ئاسانکارییان بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی بە وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز بتوانن زیاتر خزمەتی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بکەن.

نابینایەك:

**نابینایانیش دەتوانن بڕوانامەی بەرز لە ئاستی دکتۆرا بەدەست بێنن، بەڵام حکومەت ئاسانکاری بۆ نەکردوون**

## گرنگە ئامادەییەکی تایبەت بە نابیناکان بکرێتەوە

محەمەد رەسوڵ گەنجێکی نابینایە و قوتابی زانکۆیە لە کۆلێژی ئاداب و وەك خۆی باسیکرد، بەهاوکاری چەند کەسێك لە هەوڵی کردنەوەی ئامادەیی نابینایانداية. ئەو وەك خاوەنی بیرۆکەی کردنەوەی ئامادەیی نابینایان باسی ئەوە دەکات کە بەشێکی هەرە زۆری قوتابیانی نابینا دوای تەواوکردنی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی واز لە خوێندن دەهێنن. لە بارەی هۆکارەکەشی گوتی: «ئێمەی نابینا رووبەڕووی زۆر گرفت و کێشەی جیاواز دەبینەوە، رەنگە سەرەکیتریان لەدوای چوونمان بۆ ناوچاوساغان لە قۆناغی ئامادەیی دەستپێبکات، چونکە زۆربەی قوتابییەکان لە قۆناغی ئامادەیی هەرزەکارن و نازانن مامەڵە لەگەڵ نابیناکاندا بکەن، گەنجێکی ئاسایی کە پەروەردەی کۆمەڵگەیەکی نەریتییە لە ئامادەیی چۆن دەتوانێت

کەسایەتییەکی ئەکادیمی:

**بە کردنەوەی ئامادەیی نابینایان دەتوانین بەشێکی زۆر لە گەنجانی نابینا بنێرینە زانکۆ و پەیمانگەکان و بیانکەینە کەسی بەرهەمهێن و بەتوانا**



مامەڵــە لەگەڵ کەســێکی نابینا بکات کــە دەبێتە هاوپۆلی؟ بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە ئامادەییەکی تایبەت بە نابیناکان بکرێتەوە».

**نابینا تەنیا بە سیستەمی برایل دەتوانێت بخوێنێت**

محەمەد جەختی لەوە کردەوە کە قوتابییە نابیناکان لە رووی وانەکانی خوێندنیشەوە تووشی چەندین گرفتێك دەبن، لەوانە: شارەزا نەبوونی مامۆستاکانی قوتابخانە ئاساییەکان ســەبارەت بە باتەکانی نابینا، چونکە وەك دەزانین نابینا پێویســتە بە سیستەمی برایل و ئەباکۆ و دەنگی هەیە بخوێنێت، لە قوتابخانە ئاســاییەکاندا سیســتەمی برایل و ئەباکۆ زۆر پەراوێز خراوە و کەس کاری لەسەر ناکات و هەر نییە، هیچ مامۆستایەکیش شارەزایی لەسەر ئەم سیستەمە نییە، هەروەها ناکرێت لە پۆلێك ٢٥ قوتابی ئاسایی بە شێوازێك بخوێنن و تەنیا یەك قوتابی نابیناش بە شێوازی برایل بخوێنێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەدرێژی نۆ ســاڵ قۆتابی نابینا بە برایل دەخوێنێت.

هاوار محەمەد یەکێکە لــەو قوتابییە نابینایانەی کە بەهۆی نەبوونــی ئامادەیی تایبەت بە نابینایان وازی لەخوێنــدن هێناوە، ئەو بــە نیگەرانییەوە دەڵێت: «من ئــارەزووم دەکرد، ســەرجەم قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەم، بەڵام بەهۆی نەبوونــی ئامادەییەوە ناچار بووم واز لە خوێندن بهێنم».

هــاوار هێما بۆ دەکات کــە پەیمانگەی رووناکی بۆ نابینایان هەتا قۆناغی نــۆی بنەڕەتی هەیە و دوای ئەم قۆناغە نابینــاکان ناچار دەبن کە بچنە ئامادەییە ئاســاییەکان، لەوێش لەبەرئەوەی سیستەمەکەی زۆر جیاوازە، وەك پێویست سوود لە وانەکان نابینن. جەختی لەوەش کردەوە کە «زۆر ئاســتەمە نابینــا بتوانێــت لــە ئامادەییە ئاســاییەکاندا درێژە بــە خوێندن بدات».

موئەیەد کەیفی و سۆران حەسەن، دوو نابینــای دیکە بوون کە وەك سەدان نابینای هاوشێوەی خۆیان پێشــنیاری کردنەوەی ئامادەیی تایبەت بــە نابینایان دەکرد، ئەوان ســوور بوون لە ســەر ئــەوەی کە «نابینایانیــش دەتوانن بڕوانامەی بەرز لە ئاســتی دکتۆرا بەدەســت بێنن، بەڵام حکومەت ئاســانکاری بۆ نەکــردوون». هەر لــەو بارەیەوە سۆران گوتی: «حکومەت کار ناکات بۆ ئەوەی تاکی بەتوانای نابینا دروســت بکات، کە سوودیان بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵگەش زیاتر بێت». بە پێویستیشــی زانی هەر چی زووە سەنتەر و ئامادەیی تایبەت بە نابیناکان بکرێتەوە و گرنگی زیاتر بە نابینایان بدرێت بۆ ئەوەی تواناکانیان بەدەر بخەن.

دواتر گۆڤاری (گوڵان) پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی کۆمەڵــەی کورتــە باڵایانی کوردستان(دڵشــاد قادر خۆشــناو) کردو ئەویش لە دەســتپێکی قســەکانیدا دەستخۆشــی لە حکومەتی هەرێمی کوردســتان کرد بۆ ئــەو پرۆژانەی کە بۆ خاوەن پێداویســتی تایبەت ئەنجامیــان داوە، وەك زیادکردنی مووچە و دامەزراندن و ئاســانکاریکردن بۆ خوێندن و راهێنانیان. گوتیشی: «ئێمە پێمان باشە حکومەت نەخشە بۆ ئایندەی خاوەن پێداویستی تایبەت بکێشــێت، بە کردنەوەی سەنتەری شــیاندنی خاوەن پێداویستی تایبەت بەشێوەیەك کە ئەو سەنتەرانە بتوانێت کەســانی کارامە و بەتوانا دروست بــکات، واتا ئەرکی حکومەتە هەوڵــی ئەوە بدات کە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت خۆی پشت بە خۆی ببەســتێت، چونکە ئەگەر خاوەن پێداویســتی تایبەت سەنتەری شیاندنی پێشکەوتووی هەبێت، ئەوا کەسی زۆر بەتوانای لێدەردەچێت و دەتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگە بکات». هەروەها گوتی: (ئەو سەنتەرانەی کە ئێستا کاردەکەن لەسەر سیستەمی پەیمانگە دامەزراون و تەنیا گرنگــی بە لایەنی فێرکاری دەدەن، هەرچەندە لایەنی فێرکاریش گرنگە بــەڵام ئەوەی لەوە گرنگترە، ئەوەیە کە پێویســتە ئەرکی ئەم پەیمانگە و ســەنتەرانە لەوە فراوانتر بێت کە تەنیا لایەنی فێرکاری بگرێتە ئەستۆ،



مامۆستایەکی نابینایان:

**پەیمانگەی رووناکی نابینایانی بنەڕەتیمان هەیە، دەتوانرێت ئێواران بۆ خوێندنی ئامادەیی بەکار بێت**

سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵایان:

**مافی هەموو دایك و باوکێکی کەمئەندامە کە منداڵەکەی لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لە پەیمانگە، یان سەنتەرەکانی راهێنان دابنێت، بۆ ئەوەی بە باشی پەروەردە بکرێن**

توێژەرێك:

**سیستەمی ئەم سەنتەر و پەیمانگەیانە زۆر تەقلیدین و پێویستە سەر لە نوێ گۆڕانکاری لە سیستەم و پرۆگرامیاندا بکرێت**

بەڵکو دەبێت گرنگی بە هەموو لایەنەکان بدرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت کەسێکی بەتوانا بەرهەم بێت، کە بتوانێت داهاتێکی سەربەخۆ بۆخۆی دابین بکات، بەڵام سیستەمی ئەم سەنتەر و پەیمانگەیانە زۆر تەقلیدین و پێویستە سەر لە نوێ گۆڕانکاری لە سیستەم و پڕۆگرامیاندا بکرێت، بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن سوودی لێ وەربگرن، هەروەها دەوامی ئەم پەیمانگەو سەنتەرانە زۆر کەمە و پێویستە کاتی دەوامکردنیان زیاتر بکرێت، چونکە مافی هەموو دایك و باوکێکی کەمئەندامە کە منداڵەکەی لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لە پەیمانگە، یان سەنتەرەکانی راهێنان دابنێت، بۆ ئەوەی بە باشی پەروەردە بکرێن، بەتایبەتی منداڵانی ئۆتیزم و بیرکۆڵان و نابینایان، پێویستیان بەکاتی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی فێری بابەتە جۆربەجۆرەکان بکرێن، هەروەها ئەگەر منداڵی کەمئەندام لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لە پەیمانگە مایەوە، ئەوکات دایك و باوکیشی کەمێك ماندووبوونیان دەڕەوێتەوە».

مەیادە نەجاڕ هەڵگری بڕوانامەی ماجستەرە لە بواری کارگێڕیی تەکنەلۆژی، ئەو رای وایە یەکێك لەسەرەکیترین هەنگاوەکانی بەهێزکردنی تاکەکەس خۆی لەوە دەبینێتەوە کە چۆن تاك لە کەسێکی بەکاربەرەوە بکرێتە کەسێکی بەرهەمهێن، گوتیشی: «من بەهۆی ئەو توێژینەوە و بەدواداچوونانەی کە لەسەر سیستەمی زانکۆ جیهانییەکان کردوومە، گەیشتوومەتە ئەو راستییە کە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت کەسی بەرهەمهێن دروست بکەین، ئەوەش لەدیوێکی تردا لەگەڵ ئەو خاڵەدا کۆکە کە بە کردنەوەی ئامادەیی نابینایان دەتوانین بەشێکی زۆر لە گەنجانی نابینا بنێرینە زانکۆ و پەیمانگەکان و بیانکەینە کەسی بەرهەمهێن و بەتوانا».

ئەوەشی خستەڕوو کە پێگەیاندنی کەسێکی نابینا دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەك مرۆڤی ئاسایی بتوانێت بەرهەمی هەبێت و بەوەش سوودی بۆ خۆی و کۆمەڵگەش زیاتر دەبێت.





# قومار گەمەیەکی مەترسیدار
# دۆڕاندنی ژیانیشی لێدەکەوێتەوە

**لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا زۆرجار راهاتن لەســەر خووی ناشایســتە و خراپ، کارەسات و ماڵوێرانی بــەدوای خۆیدا دەهێنێت، قومارکردنیش وەك هەر دیاردەیەك لە دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە، لێوانلێوە لەمەینەتی و دەردەســەری، دەروونناسانیش رایانوایە، خووگرتن بە قومار جگە لە بەهەدەردانی ســامان، هۆکارێکیشە بۆ دابڕان لەکۆمەڵ و گەیشــتن بە چارەنووســێکی چاوەڕواننەکراو. تەنانەت جاری وا هەیە قومارچی بەهۆی قەرزارییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.**



### قوربانییەکانی قومار کەم نین

ئەوانـــەی قومـــار دەکەن، بە قســـەی خۆیان ئالـــوودەی دەبن و ناتوانن وازی لێبهێنن، بەڵام کەسانی خاوەن ئیرادە و بەویژدانیش کــە وازیان لە قومارکردن هێناوە و بەخۆداچوونەوەیان کردووە کەم نین. ئەوانەی بە ئیرادەوە بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە مێزەکانی قومار دەکەن و بۆ باوەشی گەرمی خێزانەکانیان دەگەڕێنەوە، هیچیـــان لەو بڕیارە دروســـت و مرۆپەســـەندەیان پەشـــیمان نین، لە بـــەر ئەوەی تـــام و چێژی راســـتەقینەی بەهاکانـــی مرۆڤایەتییـــان چێشـــتووە و زیاتـــر بـــە خێزانـــی خۆیـــان پابەند بـــوون. قوربانییەکانی قومـــار کـــەم نین، قومارچییـــەکان جگە لـــەوەی غەدرێکـــی گەورە لە خێزانەکەیان دەن، زۆر جار خۆیانیش دەگەنە بنبەســـتێك کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن خۆی لێ رزگار بکەن.

### پیاوێك بەهۆی قەرزی قومارەوە کۆتایی بە ژیانی دەهێنێ

یەکدووســـاڵ لەمەوبـــەر لـــە گەڕەکی (بەهار) ی شـــاری هەولێر پیاوێکـــی تەمەن ٣٧ ســـاڵ لە نێو ماڵەکەی خۆیـــدا بە دەمانچە گوللەیەکی ئاراســـتەی سەری کردو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەوە بەسەرهاتێکی راستەقینەیە کە زانیارییەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشـــتنی تاوان وەرگیراوە. بە وتەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشـــتنی تاوان، ئـــەو پیاوە بەهۆی قومارکردنەوە پارەیەکی زۆر قەرزدار بووە، واتا هـــەر پارەی قەرز کردووە و لە قومارکـــردن دۆڕاندوویەتی، لە کاتێکـــدا ناوبراو کرێکار بووە و رۆژێ کاری هەبووە و دە رۆژ بێکار بووە، دوای ئەوەی هەمیشـــە لە قومار دۆڕاو بووە و قەرزەکانیشی بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبن، لەبری خۆچاککردن بە خۆدزینەوەیەك لە واقیعە تاڵەکان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات و پێیوابوو کە چارەسەرکردنی هەڵە بە هەڵەیەکی لەو گەورەترە لە قەیرانەکان دەربازی دەکات، بەڵام ئایا بەو کارە هەڵە و ناڕەوایە هاوســـەر و منداڵەکانی نەداوەتە دەست قەدەرێکی نادیار؟ کاتێك پیاوێك بەو جۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ و لە جیاتی ســـەروەت و سامانیش، قەرزێکی زۆر بە میرات بۆ خێزانەکەی بەجێ بهێڵێت، ئایا چارەنووســـی ئەو خێزانە تا چەند پڕمەینەت و چەرمەسەری دەبێت؟

### قومارکەر پێگەی خێزانی لەق دەکات

هێمن عومەر ســـاڵح، توێژەری کۆمەڵایەتییەو کەسی قومارچی بە «کەســـێکی نەخۆش» لەڕووی کۆمەڵایەتییـــەوە دەزانێ و دەڵێت: «ئەو کەســـانە چێژ لە کارەکە وەردەگرن کە یارمەتیدەرە بۆ ئازاردانـــی خودی خۆیان، بێگومان



ئەو کەسەی لە قومار دەیدۆڕێنێ کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دەروونی دروست دەکات، جگە لەوەی کەسی قومارکەر لە رووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێهۆشە، وەك چۆن هەرزەکارێك دەکەوێتە پەیوەندییەکی سۆزداری و لە حاڵەتی ناهۆشیاریدا دەژی، ئەو کەسەش ئاوا کەسێکی دابڕاوە لەکۆمەڵگە و سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێکدەشکێت، تەنانەت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی خێزانی لەق دەکات، بۆیە دەکرێ بڵێین کەسی قومارکەر کەسێکی دۆڕاوی کۆمەڵایەتییە، تەنانەت لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بە کەسێکی سووك سەیر دەکرێ، ئەوەش وادەکات ئەو کەسە بەردەوام هەست بەکەمی خۆی لەناو کۆمەڵگە بکات، ئەوەش لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری لەسەری دروست دەکات بۆیە خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدزێتەوە و واهەست دەکات هەموو کەس دەزانن کە شەو چەندی بردۆتەوە و چەندی دۆڕاندووە». ئەو کۆمەڵناسە جەختی لەوەش کردەوە کە «زۆرجار بینراوە کەسی قومارکەر لەسەر مێزی قومار شتە پیرۆزەکانی دۆڕاندووە، لەوانە: خانوو، ناوماڵەکەی تا دەگاتە کچ و هاوسەرەکەی، جگە لەوەش ئەگەر ماڵ و منداڵەکەی لەسەر مێزیش نەدۆڕێنێ، ئەوا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە فەشەل دەهێنێ، بۆیە زۆربەی قومارکەرەکان لە هاوسەرەکانیان جیا دەبنەوەو زۆربەی ئەو کەسانە بە تەنیا و گۆشەگیری ژیان بەسەر دەبەن».

**قومارکردن وا لەکەسی قومارکار دەکات سروشتێکی هەلپەرستانەی هەبێت**

قومار. گەمەیەکی مەترسیدارە کە هەندێکجار دۆڕاندنی هەموو شتەکان و تەنانەت کۆتایی هاتن بە ژیانیشی لێدەکەوێتەوە. زۆر جار بیستراوە، کە کەسانێك لە سەر مێزی قومار هەموو شتێکی خۆیان دۆڕاندووە، تەنانەت پیاوی وا هەبووە کیژە بنجەرگەکەی دۆڕاندووە و لەم دواییانەشدا رووداوی لەو جۆرە رووی دا، کە پیاوێك دوای ئەوەی کچەکەی لە قومار دۆڕاند، دوو هاوڕێی قوماری، کچەکەیان بە زۆر پەلکێش کردو دەستدرێژییان کردەسەری.

بابان حەمە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بە پێویستی دەزانێت پێش هەموو شتێك سروشتی قومار کردنەکە، جۆرێتی و چەندێتی قومارەکە و ئاستی خووگیری کەسی قومارکار بزانرێت، ئەوەش بە پێشمەرج دەزانێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت شیکارییەکی دەروونییانەی وردی بۆبکرێت، گوتیشی: «بەشێوەیەکی گشتی کەسی قومارکار، بەتایبەت ئەوانەی بەم دیاردەیەوە خووگیری بەردەوامن، لەزۆربەی بارەکاندا لە نائارامی دەروونی بەردەوامدان، سروشتی قومارکردنیش وا لەکەسی قومارکار دەکات سروشتێکی هەلپەرستانەی هەبێت و بەردەوامیش حاڵەتی هەڵپەو راوکردنی پارە وای لێدەکات کەسایەتییەکی جێگیر و دەروون ئارامی نەبێت».

**قومارکار ئەوەی کە هەشیەتی هی خۆی نییە**

بابان حەمە ئاماژە بە پەندێکی باوی کوردی لەسەر قومار و کەسی قومارکار دەکات کە دەڵێت: (قومارکار ئەوەی کە هەشیەتی هی خۆی نییە)، گوتیشی: «ئەو پەندە زۆر زانستییە، چونکە سروشتی قومار، ئیدی لە یاری (لۆتۆ) بیگرە هەتا یاری (وەرەق و پۆکەر یانەسیب و... هتد)، دەگەڕێتەوە بۆ یاریکردن بە ئەگەرەکان، واتە هەمیشە تۆ لە ئەگەری دۆڕاندندایت و بەهەمان ئەگەر کە سروشت و جۆرایەتی قومارەکە قەبارەی ئەگەرەکە دیاری دەکات، لە ئەگەری بردنەوەدایت، بۆیە هەمیشە کەسی خووگیر بە قومارەوە، یان راستتر کەسی قومارکار، ژیانی لەنێو ئەگەرەکاندا دابەش بووە، هەردوو ئەگەرەکەش کە یەکەمیان بردنەوەیەو دڵخۆشکارەو دووەمیشیان دۆڕاندنە و خەمگینکارە، کەوادەکات دەروونی کەسی قومارکار لەدۆخێکی جێگیرو نۆرماڵ و ئارامدا نەهێڵێتەوە».

ئابووریناس خورشید دۆسکی گرەوکردن، یان قومار بۆ پەروەردە و باری ئابووری تاکەکەس دەگێڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە گرەوکردن، یان قومار لە نێوان دوو کەس، یان زیاتر دەکرێت، کە لەو نێوانەدا کەسێك براوە دەبێت، بە نرخێکی دیاریکراو و کەسی بەرامبەر دەدۆڕێت بە هەمان نرخ، گوتیشی: «ئەوەش کاریگەری راستەوخۆی لە سەر باری ئابووری خێزان دەبێت، چونکە لە حاڵەتی دۆڕان، خێزان بەرەو داڕمانی ئابووری دەچێت، بێجگە لە زیانی کۆمەڵایەتی کە زوربەی کات بە جیابوونەوەی خێزانی کۆتایی دێت، لەبەر ئەوەی کەسەکە لە سەر پیشەکەی بەردەوام دەبێت و دۆڕاندنەکانیشی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوی ئابووریی خێزان لە لایەنی مادییەوە و ئەوەش شیرازەی خێزانی دەشێوێنێت».




کۆمەڵناسێك:

**زۆرجار کەسی قومارکەر لەسەر مێزی قومار شتە پیرۆزەکانی خۆی دۆڕاندووە**

دەروونناسێك:

**ژیانی قومارکەر لەنێو ئەگەرەکاندا دابەش بووە بۆیە هەمیشە لە دۆخێکی نۆرماڵ و ئارامدا نین**